حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ١٢/١٦١١
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی

العدد :
التأريخ : ٢٤/١١/٢٠٢٤

## گشتاندنی دارایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٢٤٥) لە ٢٠٢٤/١٠/٢٢ و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١١٩ لە ٢٠٢٤/١١/٦) تایبەت بە بەهەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست بڕیاردرا بە :-

**یەکەم //** ڕەچاوکردنی سروشتی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە فەرمانبەری گرێبەست پێشکەشی دەکات بوار بە هەمیشەییکردنی دەدات ، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بە فەرمانێک خشتەی ئەو بوارانەی خزمەتی گرێبە ست دە ستنیشان دەکات کە سرو شتی کارەکە دەیخوازێت بە شێوەی گرێبەست بمێنێتەوە .

**دووەم //** تەنها ئەو بڕوانامەیە هەژمار دەکرێت کە بە شێوەی گرێبەست پێی دامەزراون , کار بە هیچ بڕوانامەیەک ناکرێت کە پێش یان پاش بە دامەزراندنی بەشێوەی گرێبەست هەبووە یان بە دەست هاتووە.

**سێیەم //** فەرمانبەری گرێبەست پێویستە (٣) ساڵ خزمەتی گرێبەستی هەبێت و بەردەوام بێت لەکار ، لە تەمەنی هەژدە ساڵی خزمەتی گرێبەست هەژمار دەکرێت بە مەبەستی دامەزراندن بە شێوەی هەمیشەیی .

**چوارەم //** لە کاتی بوون بە هەمیشەیی فەرمانبەرانی گرێبە ست دەبێت فەرمانگەکەی پێویستی بە ڕاژەی فەرمانبەرەکە هەبێت .

**پێنجەم //** ڕەچاوی تەمەنی فەرمانبەری گرێبەست بکرێت کە پێویستە دوای دامەزراندنی بە هەمیشەیی لەگەڵ ئەو خزمەتەی بە شێوەی گرێبەست کردوویەتی بتوانێ (٢٠) ساڵ خزمەت پێشکەش بکات بە فەرمانگەکەی.

**شەشەم //** دەبێت فەرمانبەری گرێبەست لەلایەن وەزارەتمان /بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە /بەڕێوەبەرایەتی میلاکات دامەزراندنیان بە شێوەی گرێبەست و نوێکردنەوەی دامەزراندیان بە شێوەی گرێبەست پەسەند کرابێت.

**حەوتەم //** دەبێت (١٨) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت لە کاتی دامەزراندن.

**هەشتەم //** پێویستە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

**نۆیەم //** پاش دامەزراندنی فەرمانبەری گرێبە ست بە شێوەیی هەمیشەیی ، بۆ ماوەی (٣) ساڵ بە هیچ شێوەیەک داوای گواستنەوەی ڕاژە نەکات .

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

العدد :
التأريخ : ٢٠٢٤/١١/٤٥

ژمارە: ٨١٦٢٥
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی

**دەیەم //** دوای دامەزراندن فەرمانبەری گرێبەست بە شێوەی هەمیشەیی کۆتایی بە گرێبەستەکەی دەهێنرێت و هیچ کەسێکی تر لە شوێنی بە گرێبەست دانامەزرێت .

**یانزە //** دەبێت سەرجەم مەرجەکانی هاتوو لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی / ١٩٦٠ بەرکار لە هەرێمی کوردستان تایبەت مەرجەکانی دامەزراندنی تێدا بە دی بکرێت.

**دوانزە //** فەرمانبەری گرێبەست دەبێت لە پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری خۆی تۆمار کردبێت و خاوەنی ژمارەی بن هاوتا ( UPN) بێت .

**سیانزە //** ئەوانەی خاڵەکانی سەرەوە دەیانگرێتەوە پێویستە لە سەر وەزارەت و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەکان بە لیست دوای ووردبینی کردن ئاراستەی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / بەڕێوەبەرایەتی میلاکات بکەن دوای ووردبینی کردنی لیستەکان ڕاستاندنیان بۆ دەکرێت بە نووسراوێک ئاراستەی وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەکان دەکرێت بە مەبەستی ئامادەکردنی لیستی موچەیان بە شێوەی هەمیشەیی ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیدار بە مەبەستی ڕەوانەکردنی بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵ .

**چواردە //** بە ڕەچاوکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم خاڵەکانی سەرەوە بە پێی لیستی هاوپێچ پڕ دەکرێتەوە ئاراستەی وەزارەتمان دەکرێت دوای وردبینی کردن و ڕاستاندنی لەلایەن فەرمانبەری ڕێکخەر و بەڕێوەبەری میلاکات و بەڕێوەبەری ژمێریاری و بەڕێوەبەری وردبینی واژوو مۆر دەکرێت لەئەگەری هەر کەموکورتیەک بەرپرسیار دەبن و ملکەچی یاسا بەرکارەکان دەبن بۆ لێپێچینەوە .

لەگەڵ ڕێزدا.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**
**٢٠٢٤/١١/**


Address-Erbil Beside Parliament
www.gov.kurd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ز.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd